# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانییە

**ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی مەبەستدارە لەسەر پرەنسیپ و یاساکانی نێودەوڵەتی، لە تەرازووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش شەرعییەتی هەیەو ڕێگەپێدراوە**

بێ توانج: بەلامەوە زۆر سەیرە کاتێك پرسیار ئاراستەی خەڵکی کوردزمان دەکرێ لەبارەی زانینی بۆچوونیان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان! وەڵامەکان هەندێکی بەڵێ دەبن و بەشێکیش نەخێر! لە راستیدا دەبێ ئەم پرسیارە ئاراستەی نەتەوەکانی تر بکرێ، نەك خودی کورد، چونکە ئەم پرسە چەندە نەتەوەییە ئەوەندەش پەیوەستە بە ئایین، بۆیە نابێ لە هیچ کام لەم دوو روانگەوە (ئایینی+نەتەوەیی) سازش لەسەر ئەنجامنەدان، یان دواخستنی (ریفراندۆم) لە وادەی دیار کراوی خۆی بکرێ، چونکە ئەمە دەرچەیەکە بۆ رزگاربوون لە دەست ستەمکاران و هەموو نەهامەتییەکان کە ساڵەهای ساڵە بەسەرمان هاتوون.

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی مەبەستدارە لەسەر پرەنسیپ و یاساکانی نێودەوڵەتی، لە تەرازووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش شەرعییەتی هەیەو ڕێگەپێدراوە، چونکە چەندین بنەماو قاعیدەمان هەیە لە ئیسلام بۆ ئەم مەبەستە، ئەگەر لە روانگەی قورئانی پیرۆزەوە تەماشا بکەین، خودای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)سورة الحجرات/١٣، هەروەها دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ) سورة الروم/٢٢. ئەگەر سەرنج بدەین لەم دوو ئایەتە پیرۆزە بە روونی ئەوە نیشان دەدرێ کە خودا مرۆڤی بە تێکرا لە چەندین و گەل و هۆز، بە کەلتوور و زمان و دەنگ و رەنگی جیاواز دروست کردوون، بۆ یەك مەبەست، ئەویش یەکتر ناسین و گۆڕینەوەی ئایدیای جیاوازو ئاشنابوونە بە یەکتری، دەی کە مرۆڤ خاوەنی خۆی و کیانێکی تایبەت نەبێ، چۆن دەتوانێ دەستی بگات بەم یاسا زێڕینەی پەروەردگار، چونکە هەزارەها کیشەو ئاریشەی بۆ دەخوڵقێنرێ ئەگەر سەر هەڵبێنێ، کەواتە چۆن خودا بە کوردی خەڵقی کردووین و هەڵگری رێبازێکی جوانی دینداری کوردەوارین بە هەمان شێوە پێویست دەکا وەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان خاوەنی کیانێك بین کە گوزارشت لە ویست و ئیرادەی گەلی گورد بکات .

ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو پەیامێکی جوانی ئاسمانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ و دەرهێنانی لە ژێردەستی و چەوساوەیی هاتووە، بەردەوامیش ئازادی مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانی پیش هەموو شتێك خستووە، چونکە هەر تاکێك کە ژێردەست بوو، ئازاد نییە، کە ئازاد نەبوو، نرخی مرۆڤبوونی بۆ دانانرێ و وەکو کۆیلە مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ، بەم جۆرە تا دەگاتە ئەم ئەندازەیە کە نەتوانێ عیبادەت و پەرستشی شایستە بۆ خودا بکات، ئەم جۆرە مامەڵەیە لە ئیسلامدا قابیلی قبووڵ نییە، چونکە ئەم دینە جوانە بۆ رێزداری و بەها مرۆیەکان و دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست و فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گشتی هاتووە لە چوارچێوەی خۆی،



**مەلا محەمەد مەلا زبێر بەرزێوەیی**
**قوتابی دکتۆرا زانکۆی سەلاحەددین**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەلایەكی ترەوە كاردەكا بۆ لابردن و نەهێشتنی خراپەكاری بە هەموو جۆرەكانیەوە لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەمە یاساو قاعیدەیە لە فیقهی ئوسووڵ پێی دەوترێ: (جلب المصالح ودرء المفاسد)، كەواتە لە گرنگترین بەرژەوەندییەكانی ئیمەی كوردیش بە هەموو قاڵبێكی شەرعی و قانوونی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و سەربازی و .. هتد، بوونمانە بە خاوەن دەوڵەت كە تێكڕای مافەكانمانی تێدا بەرجەستە ببێت. خاڵێكی تری بەهێز كە وەكو پشت پێ بەستن و بنەما لە روانگەی ئایینەوە بۆ ئەم پرسە ئەوەیە كە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی فاكتەرێكی زامنە بۆ دروستكردنی دەوڵەت، ئەمەش كارئاسانی و یارمەتیدەرێكی زۆر بەهیز دەبێ لە هەموو بوارێكدا بۆ خزمەتی گەل بە پێی زەمەن و كات و نەوە بۆ نەوە بێ جیاوازی لەنێوان تێكڕای بیروبۆچوونەكان، هەروەها بۆ هەمیشە كارەكتەرێك دەبێ بۆ لابردنی زیان و نەهامەتییەكان و بەرپەرچدانەوەی گشت دەستدرێژییەك بۆ سەر خاك و خەڵك لە هەموو لایەكەوە، وە قەڵایەك دەبێ بۆ پاراستنی (دین و عەقڵ و خوێن و ماڵ و نامووس)، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لە پای شتەكانی تر بۆ پارێزگاری و داكۆكیكردن بۆ ئەم پێنج مەبەستانە هاتووە كە بە (الضروريات الخمس) ناسراون.

خودای گەورە هەمیشە كارئاسانی بۆ بەندەكانی ویستووە، لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆز باسی دەكات و دەفەرموێ: (يُرِيدُ اللّٰه بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) البقرة/١٨٥. (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ) سورة الحج/٨٧. مافی چارەی خۆنووسینی گەلی كوردو سەربەخۆیی دەچێتە خانەی كارئاسانی و جۆری یارمەتی بۆ خەڵك، ئەمەشیان بنەمایەكە لە بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام.

سڕینەوەی ناسنامەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بە هیچ شێوەیەك لە بەرنامەی ئیسلامدا نییە، چونكە ئەوە حەزرەتی (رسول اللّٰه صلى اللّٰه عليه وسلم) فەرموویەتی هەموو نەتەوە جیاوەزەكان لە خزمەتی دەوڵەتدا دەبن (عەرەب+كورد+فارس+ڕۆم+حەبەشی و.. هتد) و هەرگیز نەیفەرمووە بە حوكمی بوونتان بە ئیسلام ناسنامەكانتان بگۆڕن، بۆ هەر شوێنێكیش كەسێك دانراوە بۆ جێبەجێكردنی بڕیارو راسپاردەكانی ئیسلام، كەواتە هیچ بەربەستێك نییە لە روانگەی ئایین و دیدی زانایانی بواری فیقە و شەرع بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی نوێ و تازە بۆ هەر نەتەوەیەك، چونكە ئەمە دەبێتە پاڵپشتێكی بەهیز بۆ ئیسلام لە جیهان، هاوكێشەكانیش لە بەرژەوەندیی موسڵمانان دەبن و بە هەیمەن و نفووسی زیاتر هەیبەتی ئیسلام وەكو خۆی نیشان دەدات.

بۆیە پێویستە هەموومان بە تێكڕای چین و توێژەكان كیشەكانی (سیاسی، حزبی) وەلا بنێین و بە یەك دەنگ بەرەوپیری ئەم دەرفەتە زێڕینە بچین و بە دەنگی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی كوردستان) بەرهەمی خەبات و تێكۆشانی چەندەها ساڵەی ئەم نەتەوە خێر لە خۆ نەدیوە دەست بخەین. چونكە ئەمە ئەركێكی ئایینی و نیشتمانییە.

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەكو پەیامێكی جوانی ئاسمانی بۆ رزگاركردنی مرۆڤ و دەرهێنانی لە ژێردەستی و چەوساوەیی هاتووە، بەردەوامیش ئازادی مرۆڤ و بەرژەوەندیەكانی پیش هەموو شتێك خستووە**



# ئافرەتانی نیشتمانپەروەر راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆییەوە هەیە

دوای ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لە بڕیارێکی مێژووییدا رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆییان دەستنیشان کرد، لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا خۆیان بۆ چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن دەوڵەت و شوناسی خۆیان لە بندەستی و کۆیلەیەتی و ستەمدیدەیی بۆ سەربەستی و سەرفرازی بگۆڕن، ئافرەتانی کوردستانیش بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، وەک مێژووی درەوشاوەی رابردوویان، جارێکی دی شان بە شانی پیاوان لەم گشتپرسییەدا بەشداری دەکەن، بۆ ئەوەی سەروەریی خۆیان و وڵاتیان مسۆگەر بکەن. لێرەشدا ئافرەتانی نیشتمانپەروەر راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ گۆڤاری گولان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی


«ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە، ئەوەندە گەورەیە وای کردووە حەق بە خۆمان بدەین کە بۆ بەدەستهێنانی خەونە لەمێژینەکەمان هەنگاوی بەپەلە هەڵبگرین. سەرۆکی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی ئەو ئەرکە مێژووییەی خستووەتە سەرشانی خۆی کە کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت و پێویستە هەموو هاونیشتمانییەك پشتیوانی لێ بکات.» ئەوە دەستپێکی قسەکانی سەیران صالح میران ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە کۆمەڵەی کارسازی خانمانی کوردستان، ئەو خاتوونە هێما بۆ مێژووی رابردوو دەکات و دەڵێت: «کاتی خۆی سەرۆکی میسر (حوسنی موبارەك) لە کۆنگرەی ئیسلامی کە دوای رووخانی رژێمی سەدام ساز کرا و زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان تێیدا بەشدار بوون، باسی ئەنفالکردنی کوردی کردو گوتی: (سەدام حوسێن پێش رووخانی منی بۆ عێراق بانگهێشت کرد، دواتر لە کاتی سەردانەکەم داوای کرد پیاسەیەك بکەین. منی بردە سەر پارچە عەردێك و راوەستا و بە قوەت پێی خۆی لە عەرد چەقاند و گوتی: تعرف شنو تحت رجلك؟ واتە دەزانی چی لە ژێر پێتدایە؟ منیش پێم گوت: نعم تراب رمل، (بەڵێ، خۆڵ). ئینجا سەدام پێکەنی و گوتی: یا حسنی تحت رجلك ثمانية الاف كوردي. واتە هەشت هەزار کورد لە ژێر پێتە! موبارەك گوتی: واقم وڕماو قسەم نەکرد!!

واتە لە بەرامبەر گەورەترین تاوانی نامرۆڤانە بێدەنگ بوو. زۆر لە سەرۆکەکانی جیهان لە بەرامبەر تاوانەکانی سەدام و بەعس لە دژی کورد بێدەنگ بوون. بەڵام ئەمڕۆ هاوکێشەکە گۆڕاوە و هەموو جیهان پشتیوانیی کورد دەکەن. هەموومان باش دەزانین، بوون بە خاوەن دەوڵەت کارێکی ئاسان نییە، دەبێ بۆ بەدەستهێنانی سەرو ماڵمان بەخت بکەین. کەواتە با ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست نەدەین و رۆحی شەهیدان و قوربانییەکانی کورد شاد بکەین و بە بەڵێ دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان بدەین کە هەزاران قوربانیمان بۆ ئەم مەبەستە نەتەوەییمان داوە.

کاڵێ فەقێ وسو ئەندامی مەکتەبی دیراسات و ئەکادیمیای پارتی سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی لەعێراق بە درێژایی مێژوو بەتایبەتی لە چەندساڵی رابردوو سەرکەوتوو نەبووەو بەردەوام بە شێوازی جیاجیا کوردستانییان چەوساندۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتیی کورد دوای لەناوچوونی رژێمی بەعس هەوڵی زۆری دا عێراقێکی ئارام و دیموکرات بۆ هەمووان بوونی هەبێت، بەڵام حکومەتی مەرکەزی بەردەوام و بەشێوازی جۆراوجۆر خەڵکی کوردستانیان ئەزیەت داوە، بۆیە پێویستە جوگرافیای عێراق بگۆڕدرێت و کورد خۆی لێ جیا بکاتەوە.» هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئەرکی ئێمە وەك تاکێکی هۆشیار لەو کۆمەڵگەیە ئەوەیە کە کاربکەین بۆ ئامادەباشیی تەواو بەرەو ریفراندۆم، چونکە ریفراندۆم مافێکی نەتەوەیی و یاساییەو هەنگاونانە بەرەو رۆشنبوونی چارەنووسی نەتەوەیی، ئەوەش شتێکە داهاتووی گەل و خاکمانی پێوە گرێ دراوە، لەبەر ئەوەی ریفراندۆم شێوازێکی دیکەیە لە شێوازەکانی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا و بە یەکێك لە رێگاکانی دیموکراسیی راستەوخۆ دادەنرێت و دەرفەت بۆ هاووڵاتیان دەڕەخسێنێت کە لە پرسێکی چارەنووسسازدا بڕیاری خۆیان بدەن، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە کە هەوڵی زیاتر بدەین بۆ هۆشیارکردنەوە و بەرچاوڕوونیی زیاتری خەڵك لە سەر گرنگی و بایەخی ئەو پرۆسەیە، ئەگەر ریفراندۆم بە دەنگێکی بەرچاوی (بەڵێ) بیباتەوە، ئەوە بەهێزترین کارتی سیاسییە کە سەرۆکی کوردستان دەتوانێ لە پێناو بەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی کوردستانییان کە بوونی کیانێکی سەربەخۆیە، لە ناوەندە جیهانییە بڕیاردەرەکان بیخاتەڕوو.» گوتیشی: «ئەگەر تا دوێنێ خەباتی شاخ و شار بۆ رزگاربوون لە چاوسانەوە و ئازار و ئاوارەیی و نەهامەتی بوو، ئەوا ئەمڕۆ دەبێ خەباتی مەدەنییانەمان برەو پێبدەین لە پێناو دروستبوونی دوڵەتی کوردستاندا کە ئاواتی هەر کوردێکی دڵسۆز و تێگەیشتووە لە مێژووی پڕ قوربانیی گەلێ کورد، دەبێت دنیاش تێبگەیەنین کە ئێمە ئاشتیخوازو دیموکراسیخوازین و رۆژانە پێشمەرگە قارەمانەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامیی جیهانی لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر قوربانی دەدەن.»

ئەو هەڵسووڕاوە ساسییە رایوایە «ئافرەتانی کورد پێویستە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم شۆڕشێکی سپی و جەماوەری بکەن و نیشانی بدەن وەك هەمیشە ئافرەتان بەشدارییەکی راستەوخۆ و راستەقینە دەکەن بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردی.» گوتیشی: «دەبێ ئێمەی ژنان بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بیسەلمێنین کە پشتیوان و یارمەتیدەر و هاوکاری هەنگاوەکانی سەرکردایەتیی کوردستانین بۆ بەختەوەری و رزگاری یەکجاری.»

رۆژنامەنوس هەلز عەلی سەلیم، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هیچ کات میللەتی کورد بێهێز نەبووەو بە بەردەوامی لە دژی ستەم و داگیرکاری خاکەکەی خەباتی کردووە و ئەنجامدانی ریفراندۆمیش درێژەی هەکان خەباتە.» گوتیشی: «ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی بەعس بە یەکجاری لەعێراقدا شکستی هێنا و رووخا، عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ چوو. ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق لە پەرلەمان پەسندکرا، کە یەکێك لە باشترین دەستوورەکان بوو لەسەر ئاستێ نێودەوڵەتی،




سەیران صالح میران :

**سەرۆکی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی ئەو ئەرکە مێژووییەی خستووەتە سەرشانی خۆی کە کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت و پێویستە هەموو هاونیشتمانییەک پشتیوانی لێ بکات**



هەلز عەلی سەلیم:

**حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر رێنمایی سەرۆک بارزانی بە ناچاری پەنایان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم برد بۆ جیابوونەوە لە عێراقی تائیفی و مەزهەبگەرا، کە هیچ بڕوایەکی بە پێکەوەژیان نییە**



کاڵێ فەقێ وسو:

**ئەگەر ریفراندۆم بە دەنگێکی بەرچاوی (بەڵێ) بیباتەوە، ئەوە بەهێزترین کارتی سیاسییە کە سەرۆکی کوردستان دەتوانێ لە پێناو بەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی کوردستانییان کە بوونی کیانێکی سەربەخۆیە، لە ناوەندە جیهانییە بڕیاردەرەکان بیخاتەڕوو**



سوندوس حوسێن:

**نابێت کورد ئەم دەرفەتە لەدەست بدات کە لەئارادایە، چونکە لەدەستدانی بە مانای قبووڵکردنی سەدان ساڵ ژێردەستی و کۆیلەیەتی میللەتی کوردەو جارێکی تر نابێت مێژووی رووخانی دەوڵەتی شێخ مەحموودی نەمر و پێشەوا قازی محەممەد دووبارە بکەینەوە**

بەڵام بەداخەوە عێراقی نوێ ئەو عێراقە نەبوو کە خەڵك ئاواتی بۆ دەخواست، چونکە بووە عێراقێکی تائیفی و مەزهەبی و توندڕەو، کە تیرۆر تێیدا گەشەی کردو رەوشی هێمنی بەرەو خراپتر چوو. حکومەتی عێراق تائێستا (٥٥) بەندی دەستووری پێشێل کردووە، لەوانە ماددەی ١٤٠ و نەدانی بودجەی و مووچەی کوردستان و...هتد، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵیداوە بە ئاشتییانە ئەو کێشانە چارەسەر بکات، بەڵام عێراق ئامادە نەبوو لەگەڵ کورد رێکبکەوێت. ساڵێ ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە و شۆڤینییانەی حکومەتی شیعەی زۆرینەی عێراق، گەورەترین شاری سوننە (موسڵ)یان رادەستی تێروریستان کردو هاوکات هەوڵیان دا هێمنی و ئاسایشی کوردستان تێك بدەن، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی وایکرد، هەموو جیهان هاتە سەرخەت و پشتیوانی پێشمەرگەیان کرد و لە ئەنجامی شەڕی دژی تیرۆر پێشمەرگە توانی گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی تۆمار بکات و سنووری هەرێمی کوردستان بە خوێنی شەهیدان ئازاد بکەن. ئەمەش بووە رێخۆشکەر بۆ ئەوەی لەشکری فاشلی عێراق خۆی رێك بخاتەوەو موسڵ ئازاد بکەنەوە، هەر لەو ماوەی شەڕ و قەیرانەدا حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕی، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٧دا حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە سەر رێنمایی سەرۆك بارزانی بە ناچاری پەنایان بۆ بڕیاردان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم برد بۆ جیابوونەوە لە عێراقی تائیفی و مەزهەبگەرا، کە هیچ بڕوایەکی بە پێکەوەژیان نییە.»

ئەو رۆژنامەنووسە هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ریفراندۆم مافێکی شەرعی هەر میللەتێکە بۆ ئەوەی داوا بکات لە میللەتێکی تر جیا ببێتەوە، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی وەك کورد، کە خاوەنی خاك و زمان و کەلتوور و مێژووی خۆیەتی و هەموو ئەو مەرجانەی بە دەوڵەت بوونی تێدایە، ئەوەش هیواو ئومێدی هەموو میللەتەن نەك لایەنەك، یان حزبێك، سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش لە ئەستۆی هەموو خەڵکی کوردستاندایە، بەتایبەتی پاش ئەو هەموو قوربانیدان و خۆڕاگرییە دەبێت بزانین زۆر پێویستە بە یەك رۆحیەتی نەتەوەیی و بە یەکڕیزی بەرەو سندوقی دەنگدان برۆین بۆ پاراستن و زامنکردنی داهاتووی خۆمان و نەوەی داهاتوومان دەنگ بە کوردستانی سەربەخۆ بدەین، تاکو شانازی بە دەستکەوتی نەتەوەییمان بکەین، دەوڵەتێکی سەربەخۆ ش گەورەترینی دەستکەوتە نەتەوەییەکانە.»

سوندوس حوسێن بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کارنامەی ریفراندۆم جوانترین ئاوێنەی دیموکراسییە بۆ سەرجەم گەلانی جیهان، کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن بۆ بەدەستهێنانی شوناسنامە و پراکتیزەی دیموکراسییانەی مافەکانیان.»

گوتیشی: «ئێمەی کوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان بە مافی رەوای خۆمانی دەزانین کە لەسەر چارەنووسی خۆمان بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەین و هەوڵی بونیادنان و بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانمان بدەین. ئەوەی جێگای شانازیمانە لە مێژووی پڕ سەروەریی میللەتەکەمان ئەوەیە کە هەرگیز چاوی پاوانخوازی و داگیرکەرانەمان نەبووە بۆ هیچ خاك و نەتەوە و ئایینزایەك، هەمیشە کورد بە رۆحیەتی پێکەوەژیان و دۆستایەتی رازی بووەو لەگەڵ ئەوەشدا سەدان ساڵە ژیانی قورسی ژێردەستەیی بێگانەو قوربانیدانی نەتەوەیی هەڵگرتووە، هاوکات تێکۆشاوە بۆ گەڕاندنەوەی خاك و ئاو و مافە نەتەوایەتییەکانی وەك کورد، بەڵام بەپێچەوانەوە هەمیشە دوژمنانی کورد لە بۆسەدا بوون بۆ کوردو چەندین جار مێژووی خوێناوییان تۆمار کردوە و لە هەموو هەلێك گەڕاون بۆ قڕکردنی کوردو خاپوورکردنی کوردستان و بەردەوام بە تورك و فارس و عەرەبەوە هەوڵی سڕینەوەی ئەم نەتەوە خێرلەخۆ نەدیوەیان داوە.

سوندوس حوسێن لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا دەڵێت: «ئێستا دەرفەتێکی زێڕین بۆ کورد هەیەو لەم کاتەی کە وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان روودەدەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناکرێت و نابێت کورد ئەم دەرفەتە لەدەست بدات کە لەئارادایە، چونکە لەدەستدانی بە مانای قبووڵکردنی سەدان ساڵ ژێردەستی و کۆیلەیەتی میللەتی کوردەو جارێکی تر نابێت مێژووی رووخانی دەوڵەتی شێخ مەحموودی نەمر و پێشەوا قازی محەممەد دووبارە بکەینەوە، دەبێت دوژمنان دڵنیا بکەینەوە کە کورد پەندی لە هەڵەکانی رابردووی وەرگرتووە، بۆیە منیش وەك ئافرەتێك شانازی بە بڕیاری بوێرانەی پێشمەرگە و سەرۆکی نەتەوەییمان جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بە خوێن و ماڵ و منداڵەوە ئامادەم بۆ پاڵپشتی لە بڕیارە مێژووییەو هاندەرێکی سەرسەخت دەبم بۆ پشتیوانی لەبەدیهاتنی ئەو ئامانجەی کە بەرهەمی خوێنی هەزاران پێشمەرگەی قارەمان و کوردی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو و جینۆسایدکراوە. لە کۆتاییدا داواکارم لەسەرجەم ئافرەتانی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/٢٥وەك هێمایەك بۆ ئاماژەدان بە خوێنی شەهیدان بە کراسی سوورەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بە سەربەخۆیی بڕۆن و دەستی رۆڵەکانیان بگرن بۆ بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەوەی نەتەوەییمان، بۆیە لە ئێستاو داهاتووشدا تەنیا دەبێت بڵێین، نەخێر بۆ ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی.»

# مەسیحییەکان (کلدان سریان و ئاشووری) مێژووەک لەخەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادی ومافی چارەنووس



**زیا پەترۆس***

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر ئاورێك لە مێژووی دەوڵەتی عێراق بدەینەوە، دەبینین کە هەر لە دروستبوونیەوە دەوڵەتێکی لێکدراو بوو لەچەندان نەتەوەو ئایین و پێکهاتە زلهێزەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بێ گەڕانەوە بۆ راو ویستی ئەو گەلانە دروستیان کرد و ئارەزومەندانە نەبوو، هەر ئەوەش وایکرد کە بەهۆی زۆرینەو کەمینەوە لە رووی ئایینی و نەتەوەییەوە ئەوانە باڵادەست بن کە زۆرینەن و لەو رۆژەوە نەهامەتییەکان دەستی پێکردو مافی خەڵك فەرامۆش کرا.

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەرکات مرۆڤەکان هەستیان کردبێت دەچەوسێندرێنەوە و مافەکانیان پشتگوێ دەخرێ، ئیتر رێگای خەبات و تێکۆشانیان گرتۆتەبەر بۆ سەندنەوەی مافەکانی خۆیان، بۆیەش هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە خەباتی چەکداری دژی دەسەڵاتی ئەوکاتی داگیرکاری بەریتانی و حوکمڕانی لەسەر دەستی شێخ مەحموودی حەفید دەستی پێکرد، ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ خەباتی ئەو گەل و خەڵکانەی کە هەستیان کرد ئیتر هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بخرێنە زیندانێکی گەورە بە ناوی دەوڵەتی عێراق، بۆیە شۆڕش دەستی پێکرد و ئەو شۆڕشە توانی هەموو گەلان و نەتەوەو ئایینزاکانی کوردستان لەخۆ بگرێت، ئیتر لەو ساتەوە خەباتی مەسیحییەکان هاوکات لەگەڵ برا کوردەکانیان و تەنانەت نەتەوەو ئایینەکانی تر دەستی پێکرد بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان و پارێزگاریکردن لەناسنامەو مانەوەیان.

مەسیحییەکان بە درێژایی ئەو مێژووە بەردەوام بوون لەخەبات، بۆیەش دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق هیچ کات سڵیان نەکردەوە لە هەوڵەکانیان بۆ لەناوبردنیان و بەردەوامیش رووبەڕووی توندوتیژی و ئازاردان وداگیرکاری دەبوونەوەو لە ماڵ و شوێنی خۆیان بەزۆر دەردەکران لە پارێزگاکانی خوارووی عێراق، باجی ئەوەشیان دەدا کە ئەوان لە رووی ئایینەوە مەسیحین و لە رووی نەتەوەیی (کلدان و سریان و ئاشووری)ین، لەهەمان کات باجی ئەوەشیان دەدا کە مەسیحییەکان پشتگیری لە خەباتی کوردستان دەکەن.

لەگەل دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ مەسیحییەکان بەشێکی دیارو کاریگەر بوون لەو شۆڕشەو هاوشان لەگەڵ برا کوردەکانیان و ئێزیدییەکان و تەنانەت تورکمانەکانیش بەشداربوون لە خەباتی چەکداری، چونکە ئەوانیش هەستیان کرد کە مافەکانیان پێشێل دەکرێ و ماڵ و موڵکیان داگیر دەکرێ و بێبەش دەبن لەماف و ئیمتیازەکان، بۆیە هەموو لایەك پێکەوە چوونە ریزی شۆڕشەوە و سەرکردەو خەڵکی دیاری مەسیحییەکان رۆڵیان هەبوو لە شۆڕش و سەرکردایەتی ئەو کاتی شۆڕشیش بە چاوی رێزو برای هاوبەشەوە مامەڵەیان لەگەڵ مەسیحییەکان دەکرد، هەر بۆیەش دوای ئەوەی بەعسییەکان هاتنە سەر تەختی حوکم لەوێوە بووە سەرەتایەکی تاڵ و ناخۆش بۆ سەرجەم ئەو نەتەوە و ئایین و خەڵکانەی کە جیاواز لەوان بیریان دەکردەوە. ئیتر دەسەڵات کەوتە دەست یەك تایفە و یەك حزب، کە حزبی بەعس بوو، لەوێوە تەواوی ئازادییەکان و مافەکان لەگۆڕ نران و لەناوبردنی مرۆڤەکان و ئازادیخوازان دەستی پێکردو بەندیخانەکان پڕکران لەنەیارانی دەسەڵات و دەیان چالاك و خەباتگێڕی مەسیحی کەوتنە بەندیخانەکانی رژێم و ئامادە نەبوون ئەو زوڵم و دەسەڵاتە قبووڵ بکەن. لەو ساتەوە

قۆناغێکی سەختتر دەستی پێکرد بۆ مەسیحییەکان کە رووبەڕووی دەرکردن و داگیرکاری موڵك و زۆر کێشەی تر بوونەوە.

لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی تازەی گەلانی کوردستان لەساڵی ١٩٧٦ دیسان مەسیحییەکان بە کلدان و سریان و ئاشوورییەکان دانەبڕان و بەشێك بوون لەو شۆڕشە و دەست لەناو دەست بوون لەگەڵ برا کوردەکانیان، چونکە هەمیشە مەسیحییەکان بەو چاوە سەیری خەبات و شۆڕشەکانی کوردستانیان کردوە کە بۆ بەرژەوەندی هەموانە و لەپێناو داکۆکیکردن بووە لەمافی خۆیان لەسەر ئەو خاکەی کە دەیان سەدەیە شارستانیەت و مێژووی خۆیان لەسەر بونیاد ناوە. کوردستان ماڵ و موڵکی کوردەکانە و ئەوان داگیرکەر نین بۆ سەر خاکی کەس، بەڵکو ماڵ و موڵك و خاکی خۆیان داگیرکراوە و دەردەکرێن و ئاوارە دەبن و کۆچ دەکەن و دەکوژرێن.

دوای راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و رزگارکردنی بەشێکی زۆری خاکی کودستان دیسان مەسیحییەکان برابەش بوون لەو خەباتە و تەنانەت چەندان شەهیدو قوربانییان دا لەو پێناوەو چەندانیان لە زیندانەکان لەژێر ئەشکەنجە شەهید بوون و بەشێکی تریان لە ریزی رێکخستنە نهێنییەکانی شۆڕش بوون کە ئەو رۆژانە لەگەل هێزی پێشمەرگە هاتنە خوارێ.

مەسیحییەکان لە حوکمڕانیی خۆبەخۆی کورد بەشداربوون، ئەگەر بە رێژیەکی کەمیش بووبێت و وەك پێویست نەبووبێت لەئاستی ژمارە و خەباتی مەسیحییەکان، بەڵام مەسیحییەکان لایان وابووە کە دەتوانرێت لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد و حزبە کوردستانییەکان زۆرتر و باشتر لەیەکتر تێبگەن بۆ وەرگرتنەوەی زیاتری مافەکانیان و ئەوەی پێویستە بۆیان بکرێت، چونکە مەسیحییەکان خۆیان بە بێگانە نەزانیوە لەو خاکە، بەڵکو خۆیان بە خاوەنی راستەقینە زانیوەو بە شێوازی مەدەنی دەستیان کرد بەخەبات لەو پێناوە و توانییان چەند حزبی سیاسی دابمەزرێنن بەپێی تابەتمەندی خۆیان لە روی مافی نەتەوەیی و نوێنەریان بچێتە پەرلەمان (کە پێنج ئەندامیان وەکو کۆتا هەیە) و بەشدار بوون لە حوکمەت و سیستمی حوکمڕانی و بەشێك بوون لە پرۆسەی سیاسی و مەدەنی و هەمیشە باوەڕیان بە پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن هەبووە، هەر وەکو تا ئێستا لە هەریمی کوردستان ئەمە بوونی هەیە لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان. بەڵام بەداخەوە دوای رووخانی رژێمی بەعس بەتەواوی لەساڵی ٢٠٠٣ لەسەر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، ئیتر خەڵك و گەلانی عێراق بەگشتی و مەسیحییەکانی ناوەڕاست و باشووریش بەتایبەتی چاویان لەوە بوو

**دڵنیام کە ئایندەی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە دەوڵەتی تازە و سەربەخۆدا لەچوارچێوەی دەستوورێکی نموونەیی پارێزراو دەبێت و ئەم دەوڵەتە کە بە فرەئایین و نەتەوە دەناسرێت، دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایش و سەقامیگیری لەو ناوچەکە و دەوڵەتەکانی دیکەش لێی سوودمەند دەبن**

**بۆ پرسی ریفراندۆم مەسیحییەکان وای دەبینن کە چیتر رووبەڕووی چەوسانەوە نابن و مافەکانیان پارێزراو دەبێت و بەشداری راستەقینە دەبن لە حوکمڕانی و خۆیان نوێنەری خۆیان دەبن و ئەو خاک و موڵک و شوێنانەی لێیان داگیرکراوە، بۆیان دەگەڕێتەوە، لە سایەی ئەو دەوڵەتەی دروست دەکرێت، کە بە هی خۆیانی دەزانن**

کە ئیتر دەتوانن لەمەودوا لەخاکی خۆیان و عێراقی تازەدا بە ئازادی بژین و مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە و بەشدار بن لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی، بەڵام هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەوە، هەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی بەزۆرەملێی مەسیحییەکان دەستی پێکرد و هەڕەشەکردن و تەقاندنەوەی کلێسەکان و شوێنە پیروزەکانیان ودووکان و شوێنی کاروکەسابەتیان و کوشتن و تیرۆرکردنیان لەسەر رەگەزنامە بەردەوام بوو. ئەو کارەساتانە لەعێراقی تازەشدا بەسەر مەسیحییەکان هات، بەتایبەت لە بەسرە و بەغدا و موسڵ و بەداخەوە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. لە ساڵی ٢٠٠٣ تا وەکو ساڵی ٢٠١٤ زۆر تاوان لە دژی مەسیحییەکان ئەنجام دران، لەو ماوەیە ١١٠٧ مەسیحی شەهید کراون. ١٤ لە پیاوە ئایینییەکان بە مەتران و قەشەوە تیرۆر کراون. ١١٤ کەنیسەی مەسیحییەکان لە بەغدا وموسڵ تەعەدایان لێ کراوە و تەقێندراونەتەوە. ٥٣ کەس شەهید بوون بە تەقاندنوەی کەنیسە (سیدە النجاە). لەو کاتەوە رۆژگارێکی سەخت هاتەپێش بۆ مەسیحییەکان و ئاوارەیی دەستی پێکردو ناچارکران ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێ بهێڵن و بێنەوە هەرێمی کوردستان کە هەمیشە بە درێژایی مێژوو برابەش بوون و ئێرەیان بەماڵی خۆیان زانیوە و لێرە سەرەڕای بوونی کەموکوڕی و چارەسەرنەکردنی بەشێك لە کێشەکانیان، ژیان و کەرامەتیان پارێزراو بووە و هەست بە ئارامی دەکەن.

بۆ مەسیحییەکان هەمیشە رۆژەکانی مێژوو کارەساتی تازەی هێناوە لەو وڵاتە و لە خاکی خۆیان و مەترسی هەبووە بۆ سەر ناسنامە و کەلتووریان، لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ـەش گرووپی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا، سەرەڕای ئەوەی ئەو شارو ناوچەکەیان کاول کرد، هەزاران کچ و ژنی ئێزیدییان وەك سەبایا برد، تەنیا لەبەر ئەوەی ئایینیان جیاواز بوو، پیاوەکانیان کوژران و کوڕەکانیان خرانە ناو خولی راهێنانی چەك و کوشتن و بەزۆر ئایینیان پێ گۆڕین، مەسیحییەکانیش لەو کۆمەڵکوژی و کاولکارییە بێبەش نەبون و سەدانیان لێ کوژرا و دەربەدەر کران و تەنانەت بەشێکیان تا ئێستاش بێسەروشوێنن و ماڵ و خاکیان سووتێندرا و کەنیسەکانیان رووخێنراو شارستانیەتی هەزاران ساڵەیان خاپوور کرا و لەناو برا. دیسان ئەو خەڵکەی دەشتی نەینەواش کە ژمارەیان زیاتر لە (١٢٠) هەزار کەس دەبوو، روویان لەهەرێمی کوردستان کرد، چونکە هەمیشە کوردستان بۆ مەسیحییەکان شوێنێکی ئارام و سەقامگیر بووە و باوەشیان بۆ مەسیحییەکان و خەڵکانی لێقەوماو کردووەتەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە لە رابردوو لەسەر حوکم بوون و بۆ ئەو سوننانەی

کە ٨٠ ساڵ حوکمی عێراقیان کردو هەموو تاوانێکیان بەرامبەر پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجام دا، وەك ئەنفال و کیمیاباران و لەناوبردنی گوندەکان و گوندەکانی مەسیحییەکانیش بەشێك بوون لەو تاوانی ئەنفالکردن و سووتانە لەسەر دەستی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق.

ئێستا قۆناغێکی تازە هاتۆتەپێشەوە، ئەویش دوو بابەتی گەرمی رۆژ و ناوچەکەیە، یەکەمیان کۆتاییهاتنی داعش لە موسڵ ودەشتی نەینەوایە کە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عراقییەکان رزگاریان کرد، بابەتی دووەم کە زۆر گرنگە، ئەویش پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ هەموو پێکهاتەکان بە بێ جیاوازی لە چوارچێوەی پاراستنی ماف و ئازادییەکان و بەپێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و بنەمایەکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردنە.

مەسیحییەکان وا لە پرسی ریفراندۆم دەڕوانن، کە ئیتر پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەر خاك و ناوچەکانی خۆیان، بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا کە پێویستە شوێنەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و ژیانی تازە دەست پێ بکەنەوە و حکومەتی کوردستان هاوکارییان بکات بۆ ئەوەی بتوانن ماڵەکانیان نۆژەن بکەنەوەو پێویستە پارێزبەندییەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆییش هەبێت بۆ ئەوەی لەمەودوا چیتر نەکەونە ژێر هەڕەشەی لەناوبردن و کۆچ و دەربەدەری و هان بدرێن بۆ گەڕانەوەیان و مافەکانیان دابین بکرێت و ئەوان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن لەژێر پارێزگایەك بە ناوی دەشتی نەینەوا بۆ هەموو پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و کورد.

بۆ پرسی ریفراندۆم مەسیحییەکان وای دەبینن کە چیتر رووبەڕووی چەوسانەوە نابن و مافەکانیان پارێزراو دەبێت و بەشداری راستەقینە دەبن لە حوکمڕانی و خۆیان نوێنەری خۆیان دەبن و ئەو خاك و موڵك و شوێنانەی لێیان داگیرکراوە، بۆیان دەگەڕێتەوە، لە سایەی ئەو دەوڵەتەی دروست دەکرێت، کە بە هی خۆیانی دەزانن. بۆیە بە هەموو شێوەیەك مەسیحییەکان پشتیوانی لەو دەوڵەتە دەکەن، ئەگەرچی هەندێك جار لێرەو لەوێ چەند دەنگێکی نەشاز کە دوور و ناشارەزان لە رەوشی مەسیحییەکان لەم ناوچەیە، دەیانەوێ لەو هەوڵانە کەم بکەنەوەو خۆیان وەك خەمخۆری مەسیحییەکان پیشان بدەن کە بە هیچ شێوەك دوورو نزیك هیچیان نەکردووە بۆ مافی مەسیحییەکان وەکو پێکهاتەیەکی ئایینی و نەتەوەیی و بە بەردەوامی کاریان کردووە بۆ بەرژەوەندی شەخسی و حزبایەتیی تەسك و تەنیا دەیانەوێ خەڵك سارد بکەنەوە بۆ چەند ئەجندایەك کە دەستنیشان کراوە ئێمە باش ئاگادارین کە بە چ لایەنەکەوە لکاون، بەڵام مەسیحییەکان باش لەوە تێگەیشتوون کە دەتوانن لەو دەوڵەتە تازەیە مافەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن و ئیرادەی خۆیان بچەسپێنن و پارێزگاری لە ناسنامەی راستەقینەی خۆیان بکەن.

مەسیحییەکان وا لە پرسی ریفراندۆم دەڕوانن، کە ئیتر پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەر خاک و ناوچەکانی خۆیان، بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا کە پێویستە شوێنەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و ژیانی تازە دەست پێ بکەنەوە و حکومەتی کوردستان هاوکارییان بکات

لەهەریمی کوردستان چەند هەنگاوێك نراوە بۆ دابینکردنی مافی مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی تر، ئەویش بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ لە پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسایەکی گرنگ دەزانرێت، ئەگەر چی لەبواری جێبەجێکردنەو هێشتا بە تەواوی نەچووەتە بواری کارپێکردنەوە و چەند کەموکوڕی هەیە، بەڵام بوونی زۆر باشترە لە نەبوونی، کەچی لە عێراقی فیدراڵ و بەپێی ماددەی ١٢٥ لە دەستووری هەمیشەیی کە باس لە مافەکانی پێکهاتەکانی عێراق وزامنکردنیان بە یاسا دەکات، ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئەمڕۆ ئەم یاسایە رێکنەخراوە و باوەڕم نییە کاریشی بۆ بکرێت. بۆیە دەکرێ لە ژێر سایەی دەوڵەتی کوردستان کە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەو ئایینزاکان بێت، ئەو یاسایانە جێبەجێ بکرێت و لە دەستووری هەمیشەیی ئەو دەوڵەتەشدا مافەکان بچەسپێندرێن، ئەوەشی گرنگە بۆ سەرکردایەتیی ئێستای کوردستان ئەوەیە لەم قۆناغەی بەرەو ریفراندۆم و دەوڵەت دەڕۆن، خاوەندارێتی مەسیحییەکان بە گرنگ بزانن و دڵنیایان بکەنەوە و بە فیعلی بەشدارییان پێ بکەن لەو پرسە وەك خاوەن ماڵ، نەوەك وەك میوان، بەڵکو راو قسەی حزب و رێکخراوەکانی مەدەنی ودامەزراوەکانیان وەربگرن و داواکارییەکانیان لە رووی مافە نەتەوەیی و ئایینییەکەوە لەبەر چاو بگرن و مافەکانیان دیار بێت و سەلمێندراو بێت، بۆ ئەوەی ئیتر لەو دەوڵەتە هەموو لایەك پشوویەك بدەن و بحەسێنەوە و بە مافەکانیان شاد بن، وەك ئەو گەلانەی تر بژین کە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆیانن و ئەوەش مافێکی سەرەتایی مرۆڤەکانە.

هەمیشە کوردستان بۆ مەسیحییەکان شوێنێکی ئارام و سەقامگیر بووە و باوەشیان بۆ مەسیحییەکان و خەڵکانی لێقەوماو کردووەتەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە لە رابردوو لەسەر حوکم بوون و بۆ ئەو سوننانەی کە ٨٠ ساڵ حوکمی عێراقیان کردو هەموو تاوانێکیان بەرامبەر پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجام دا


من دڵنیام کە ئایندەی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە دەوڵەتی تازە و سەربەخۆدا لەچوارچێوەی دەستوورێکی نموونەیی پارێزراو دەبێت و ئەم دەوڵەتە کە بە فرەئایین و نەتەوە دەناسرێت، دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایش و سەقامیگیری لەو ناوچەکە و دەوڵەتەکانی دیکەش لێی سوودمەند دەبن.

سەروەت و سامانی کوردستان ژێرخانێکی پتەوی هەیە و پەیوەندییە ئابوورییەکانی لە خزمەتی دراوسێکانی و وڵاتانی جیهاندا دەبێت، بۆ گەلانی هەرێمی کوردستانیش دەبێتە ئارامگەیەك بۆ گەیشتن بە ئاوات و بەرهەمدارکردنی خەباتی سەدان ساڵەیان.

---

*** سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

# مەسیحییەکانی کوردستان پاڵپشتی ریفراندۆم دەکەن



گوڵان: کۆمەڵایەتی



میقداد سەلاح دەلۆ :

**کریستیانەکانی کوردستان بە پەرۆشێکی زۆرەوە بەشداردەبن لەم پرۆسە نیشتمانییەداو بە (بەڵێ) دەنگ دەدەن بۆ سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان کە بەدڵنیایەوە مافەکانیان لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان زیاتر پارێزراو دەبێت**

سەرەتا مقداد سەلاح دەلۆ ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی کوردستانی عێراقی و بەرپرسی دیسکی مەسیحییەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی ئامارو زانیارییەکانی بەردەستیان کریستیانەکان لە سالآنی هەشتاکاندا زیاتر لە یەك ملیۆن و٥٠٠ هەزار کەس لە عێراق نیشتەجێ بوون، بەڵام دوای وردە وردە ئەم رێژەیە کەمی کردۆتەوە بۆ نزیکەی ٨٥٠ هەزار کەس بەهۆی ئەم کێشانەی رووبەروی عێراق بوونەتەوە، دوای ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا زۆر کەمی کردووەو بەگشتی نزیکەی٦٠٪ی مەسیحییەکان لە عێراق کۆچیان کردووە و لە ئێستادا نزیکەی (٣٠٠-٣٥٠) هەزار هاووڵاتی مەسیحی لە عێراق ماون، کە بەشێکی زۆریان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن. گوتیشی: «کریستیانەکانی کوردستان بە کلدانی و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنەوە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە خەبات و بەرخودان و سەرخستن و یارمەتیدانی شۆڕشەکانی کوردستان، بەتایبەت لە شۆڕشەکانی ئەیلوولی مەزن و گوڵانی پێشکەوتنخواز، بۆیە لەم روانگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە خۆی بە پارێزەر و داکۆکیکاری مافی کریستیانەکان زانیوە، بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی هەردەم داکۆکیکارێکی لێبڕاو بووە بۆ پاراستنی شوناس و مافی تەواوی نەتەوەکانی کوردستان بەتایبەت خوشك و برا کریستیانەکان. بەڵام بە داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە، کریستیانەکان قوربانییەکی زۆریان دا. بەپێی ئەو ئامارانەی هەن لە ساڵی ٢٠١٤دا نزیکەی (٦٥) کلێساو پەرستگا و مەزاری کریستیانەکان وێران کراوە، بەشێکی زۆریشیان لێکرا بە بارەگای چەکدارانی داعش و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە. هەروەها بە هۆی توندوتیژییەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا (١١٣٤) کریستیان کوژراون. کریستیانەکان بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق بەردوام تووشی پەلامار و توندوتیژی بوونەتەوە. بۆیە چارەنووسی خۆیان لە عێراقدا نابینن. لەبارەی ریفراندۆمەوە ئەوەندەی ئێمە لە نزیکەوە ئاگادارین، کریستیانەکانی کوردستان بە پەرۆشێکی زۆرەوە بەشداردەبن لەم پرۆسە نیشتمانییەداو بە (بەڵێ) دەنگ دەدەن بۆ سەربەخۆیی و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان کە بەدڵنیایەوە مافەکانیان لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان زیاتر پارێزراو دەبێت. کریستیانەکانی کوردستان لەوە گەیشتوون کە لە سایەی دەسەڵات و حوکمڕانیی کوردی توانیویانە لە کەشێکی دیموکراسی و ئازاددا بژین و مافەکانی خۆیانی تێدا دەستەبەر بکەن و بتوانن پارێزگاری لە بوون و ناسنامەی خۆیان بکەن. بۆیە لەو سۆنگەیەوە جگە لە کریستیانەکانی ئێستای سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کریستیانەکانی (نەینەوا) بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سنووری ماددەی (١٤٠)، یان باشترە بڵێین ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان حەزدەکەن لە ٢٥ی ئەیلوولدا مێژوویەکی دیکەی پڕ لە سەروەری بۆ نەتەوەکەیان تۆمار بکەن، ئەویش دەنگدان بە (بەڵێ) یەو زەمینەسازییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا.»

هالان هورمز گۆرگیس ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجومەنی

**کریستیانەکانی کوردستان (بە کلدانی و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنەوە) خاوەن مێژوویەکی کۆنن و لەگەڵ کوردانی موسڵمان بە ئاشتەوایی پێکەوە ژیاون. بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیان ملیۆنێك و ٨٠٠ هەزار کەس بووە لە عێراقدا، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە زیاتر لە ٨٠٠ هەزار هاونیشتمانی مەسیحی کە بەرچاوڕوونی ئەوەیان هەبوو دۆخی عێراقی نوێ ئەستەمە لە رووی تەناهی و سیاسییەوە بۆ ئەوان سەقامگیر بێت، بۆیە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون و لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی دیکەی جیهان بەڕێ کەوتن. لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە، مەسیحییەکان پشکی ئاگری ئەو شەڕەیان بەرکەوت و ژمارەیەکیان بوونە قوربانی و زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەسیان ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون، لەو ژمارەیە زۆرینەیان بەرەو وڵاتی سێیەم کۆچیان کردووە، بۆیە تا دێ ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق روو لە کەمبوونەوەیە. زۆرینەی مەسیحییەکانی عێراق لە شارەکانی هەولێر، موسڵ، بەغدا، کەرکووك و چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان و عێراق نیشتەجێ بوون، بەڵام ئێستا زۆرینەیان لە پارێزگەی هەولێر و دهۆك نیشتەجێن. مەسیحییەکانی کوردستان کە لەسەر دەستی حکومەتەکانی عێراق و دواجار لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە پەلامار دراون، قوربانییەکی زۆریان داوە و بۆ ئەوەی تووشی کارەساتەکانی رابردوویان نەبنەوە، پشتیان بە کورد بەستووە و خۆیان بە هاوچارەنووسی کوردستانییان دەزانن، لە ئێستاشدا کە باشووری کوردستان لە بڕیارێکی بوێرانەی لایەنە سیاسییەکان و لە سەردەستی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە، پشتیوانیی ئەو هەنگاوە پیرۆزە دەکەن.**



ناهیدە یوسف یاقۆ :

**زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا حەز دەکەن سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، چونکە ڕایانوایە ژیان لەگەڵ عەرەب زۆر سەخت بووە و ناتوانن پێکەوە بژین**



هالان هورمز گۆرگیس :

**ئێمە ریفراندۆم وەها دەبینین کە دەستپێکێکە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کریستیانەکان لە کوردستان، داواش لە هەموو لایەک دەکەین کە خیلافاتی سیاسی بخەنە لایەک و کار بۆ سەرخستنی ریفراندۆم بکەن**



گەلی کلدانی سریانی ئاشووری و بەرپرسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمە وەك گەلی کلدانی سریانی ئاشووری پاڵپشتی خۆمان بۆ پرۆسەی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕین، چونکە مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە بەپێی هەموو مەواسیقی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیایدا هاتووە هەموو گەلێك ئازادە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە، ئێمە وەکو حزب و لایەنی سیاسییەکانی کلدانی سریانی ئاشووری چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە سەبارەت بە پرۆسەی ریفراندۆم و گفتوگۆی زۆرمان کردووە دەربارەی داواکارییەکانمان، بە خۆشحاڵییەوە لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم جەنابی سەرۆك كاك مسعود بارزانی وتەیەکی مێژوویی پێشکەش کرد و فەرمووی: (برایانی کریستیان کلدان سریان ئاشووری چییان دەوێت، ئێمە ئامادەین بۆیان جێبەجێ بکەین، خۆیان بڕیار بدەن، چۆن دەزانن مافەکانیان پارێزراو دەبێت لە کوردستان ئێمە ئامادەین بۆیان جێبەجێ بکەین.) بۆیە ئێمە ریفراندۆم وەها دەبینین کە دەستپێکێکە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کریستیانەکان لە کوردستان، داواش لە هەموو لایەك دەکەین کە خیلافاتی سیاسی بخەنە لایەك و کار بۆ سەرخستنی ریفراندۆم بکەن، چونکە ریفراندۆم پرۆسەیەکی نیشتمانییە و لەهەموو شتێك گەورەترە ڕێزگرتنێکی گەورەشە لە خوێنی پاکی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان و قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران و خەباتی چەندین ساڵەی پێشمەرگە قارەمانەکان. ئەنجامدانی رفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی گەلی کوردستانە بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیەوە کە بڕیار درا ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧ ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بێت لە کوردستان و ئێمە بەشدار بووین لە وەرگرتنی ئەم بڕیارە چارەنووسسازەداو گەلی کوردستانیش خەباتی زۆری کردووە لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانیدا و چەندین شۆڕشی بەرپا کردووە بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆرداری و بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی، ئێمەش وکو گەلی کلدانی سریانی ئاشووری بەشداربووین لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان و خەباتمان کردووە و قوربانیمان داوە .»

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم لە درێژەی ڕادەربڕینەکەیدا تیشکدەخاتە سەر ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و دەڵێت: «ئەنجامی ڕاپەڕین دەرکرنی دیکتاتۆریەت و نەهێشتنی حوکمی بەعسی لەناوچووی گۆڕبەگۆڕ بوو، ئەوەش بە دروستبوونی بەرەی کوردستانی بوو، هەر یەکگرتوویی و یەکریزی وایکرد ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست ببن. کە بە شێوەیەکی بەرچاو کریستیانەکان بەشدار بوون لە پەرلەمان و حکومەت و پێنج کورسیی کۆتا درا بە گەلی کلدانی سریانی ئاشووری و پێنج کورسی بۆ تورکمان و یەك کورسییش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و مافەکانی ئێمە بە یاسایی پەسندکران. مافە نەتەوەییەکانی ئێمە بە بڕیار چەسپێندران وەك کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی سریانی کە چەند بەڕێوەبەرایەتییەك لەخۆ دەگرێت و کردنەوەی چەندین قوتابخانە تایبەت بە زمانی دایك (سریانی) و هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سریانی کە ئەویش چەند بەڕێوەبەرایەتییەك لەخۆ دەگرێت. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف دانراوەو گوندەکانی گەلی ئێمە ئاوەدان کرانەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و مافەکانی ئێمە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان پەسەند کراون کە گرینگترینیان ئۆتۆنۆمی-یەو لە مادەی (٣٥) دا هاتووە پێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کلدانی سریانی ئاشووری... و یاسای (قانون حمایە حقوق المکونات فی اقلیم کوردستان) کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسندکراو لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مسعود بارزانی واژووی لەسەر کرا. بۆیە هەرێمی کوردستان شوێنێکی نموونەیی بووە بۆ پێکەوەژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە دوای ئازادکرنی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەنجوومەنی حوکمی ئینتیقالی دروست بوو، جەنابی سەرۆك بارزانی یەکەم کەس بوو جەختی لەسەر مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە دەستووری عێراقدا کرد. بۆیە گەلی ئێمە ئەو پشتیوانییە فەرامۆش ناکات و پشتگیری تەواوی ریفراندۆم و کار بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەکات، کوردستانیش هەمیشە ماڵێکی کراوە بووە بۆ هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان و چەندین جار جەنابی سەرۆك بارزانی فەرموویەتی: (دەرگاکانی کوردستان کراوەیە بۆ ئێوە.) هەمان دەرگاکانیش بە رووی دەیان هەزار ئاوارەی کریستیاندا کرانەوەو ڕێزیان لێگیرا.»

وەحیدە یاقۆ هورمز سەرۆکی فراکسیۆنی گردبوونەوەی کلدانی و ئاشووری و سریانی لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە پێکهاتەی کریستیانەکان لە باشووری کوردستان لەگەڵ پرسی ریفراندۆمدان، چونکە پرسێکی نیشتمانییە و تایبەت نییە بە هیچ ئایین و نەتەوەیەك، بەڵکو لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی کوردستانە، گوتیشی: «ئێمە بەشێکین لە خەڵکی کوردستان و چارەنووسی ئێمەش لەگەڵ چارەنووسی خەڵکی کوردستاندایە و لە مێژووی ڕابردووش هەر چارەنووسمان پێکەوە بووە و بە ئاشتەوایی پێکەوە ژیاوین. کریستیانەکان لە خەبات و قوربانیدان و لە هەموو



شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و شۆڕشی دژی داعش ڕۆڵی خۆیان هەبووە. بەهۆی شەڕی داعش کریستیانەکانی موسڵ و دەشتی موسڵ ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردو لەم هەرێمەدا نیشتەجێ بوون، لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەرگای کوردستانیان بۆ واڵا کرایەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هاوکارییان دەکات.» ئەوەشی خستەڕوو کە (٢٠٠٨٧) خێزانی کریستیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٦ ـەش بە «ڕۆژی جینۆسایدی کریستیانەکان» لە قەڵەم دەدات کە لەو ڕۆژەدا (١١٥٨٤) خێزانی کریستیان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستبەسەر کران. جەختی لەوەش کردەوە کە هەموو یاساکان و دەستووری کوردستان پاراستنی مافی کریستیانەکانی دەستەبەر دەکات. سەبارەت بە ریفراندۆمیش گوتی: «پێکهاتەی کریستیانەکانی کوردستان بە دەشتی نەینەواشەوە داخوازیی ئەوەیان هەیە کە لە ریفراندۆمی کوردستان بەشداری بکەن، لەبەر ئەوەی باوەڕ و دڵنیایی تەواویان بە سەرۆکایەتی هەرێم و بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ پاراستنی مافەکانیان بۆیە بە دەنگی (بەڵێ) دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا.

نەوزاد پۆلس حەنا سەرۆکی ڕێکخراوی سورایا و ڕێکخەری گشتی تۆڕی پێکهاتەکانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوای ڕاپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١ کوردستان لە ئەزموونێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوزەر دەکات. لە کوردستاندا پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی و مافی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بووە و بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە. بەڵام لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەزموونێکی دیکە هاتەپێش و لە دوای ١٣ ساڵ حوکمڕانیی شیعە لە عێراق لەسەر بنەمای تەوافقی سیاسی، دەوڵەتی عێراق فەشەلی هێنا و زۆربەی پێکهاتەکانی ناوەند و باشووری عێراق و شاری موسڵ دەربەدەر بوون، ئەوەش بەهۆی سیاسەتی توندڕۆیانەی حکومەتی عێراق بووە کە پێکهاتەی مەسیحی و سابیئەی مەندائی و ئێزیدی بەتایبەتی کردە ئامانج و لەساڵی ٢٠١٤ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بە داگیرکردنی شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا و سنجار و تەلەعفەر ڕاگەیەندرا کە پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە تووشی جینۆساید و کۆچ کردن بەرەو دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان بوون. ئەو پێکهاتانە لە ئەزموونێکی سەردەمییانەی پێکەوەژیان لە کوردستان درێژە بە ژیان دەدەن، هیواو خواستی ئەوان و چارەنووسیان بە کوردستانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە وەکو بەشێك لە کوردستانییان بە خۆشحاڵییەوە لە ریفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەشدار دەبن.» گوتیشی: «دەنگمان بە (بەڵێ) بۆ کوردستانی سەربەخۆیە، لەبەر ئەوەی چارەنووسی هەموو پێکهاتەکان و خەڵکی کوردستان بەستراوەتەوە بە چارەنوسی هەرێمەوە، هیواداریین دەوڵەتی ئایندەی کوردستان دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان بێت و یاسا و ئەزموونی دیموکراسی و پێکەوە ژیان بەرقەرار و بەردەوام بێ. لە کوردستان هەشت ئایین بە فەرمی تۆمار کراون لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم (ئێزیدی، مەسیحی، سابیئەی مەندائی، بەهایی، زەردەشتی، جوو، کاکەیی- یارسانی، ئیسلام) داوا دەکەین هەموویان نوێنەریان هەبێت لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم مافی ئەم پێکهاتانە بپارێزیت و یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ کە تایبەتە بە مافی پێکهاتەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێت. ئێمە لە تۆڕی پێکهاتەکانی کوردستان هەوڵ دەدەین بۆ چەسپاندنی مافی هەموو پێکهاتەکان لە دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵێ بۆ ریفراندۆم، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.»

ناهیدە یوسف یاقۆ بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە موسڵ، جەخت لەوە دەکاتەوە کەی ئافرەتانی موسڵ لەگەڵ ئافرەتانی دەشتی نەینەوا بە ڕێژەیەکی گەورە ئامادەن بۆ ریفراندۆم و بۆ دەنگدان بە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، زۆربەی هەرە زۆری پێکهاتەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا حەز دەکەن سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، چونکە ڕایانوایە ژیان لەگەڵ عەرەب زۆر سەخت بووە و ناتوانن پێکەوە بژین، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە حەشدی شەعبی و جەیشی عێراقی لێی جێگیر کراون. واتە ژیان تەنیا لەو شوێنانە ئارامە کە پێشمەرگە دەیپارێزێت، بۆیە بە بەڵێ دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان و پێشمەرگەی پارێزەری هەموو پێکهاتەکان دەدەین.



وەحیدە یاقۆ هورمز :

**ئێمە بەشێکین لە خەڵکی کوردستان و چارەنووسی ئێمەش لەگەڵ چارەنووسی خەڵکی کوردستاندایە و لە مێژووی ڕابردووش هەر چارەنووسمان پێکەوە بووە و بە ئاشتەوایی پێکەوە ژیاوین**



نەوزاد پۆلس حەنا :

**هیواداریین دەوڵەتی ئایندەی کوردستان دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان بێت و یاسا و ئەزموونی دیموکراسی و پێکەوە ژیان بەرقەرار و بەردەوام بێت**